لەسەر چی بەیعەتت پێ بدەین؟ فەرمووی: «لەسەر ئەوەی کە اللە بپەرستن و بە هیچ شێوەیەك شەریك وهاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، وپێنج نوێژەکە (ئەنجام بدەن)، وگوێڕایەڵ بن، -چەند وشەیەکی بە دەنگێکی نزمەوە فەرموو- وداوای هیچ شتێک لە خەڵکی نەکەن

لە ئەبی موسلیمی خەولانیەوە، دەڵێت: خۆشەویست ومتمانەپێکراو (دەستپاك) پێی ووتم، ئەو کەسەی خۆشەویستە لەلای من، ومتمانەپێکراوە (دەستپاکە)، -مەبەستی- عەوفی کوڕی مالیکی ئەشجەعیە -ڕەزای خوای لێبێت- کە دەڵێت: لەلای پێغەمبەری خودا بووین -صلی اللە علیە وسلم- ، ژمارەمان نۆ یان هەشت یان حەوت کەس بووین، پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی: «ئایا بەیعەت بە پێغەمبەری خودا نادەن؟»، لەکاتێکدا ئێمە تازە بەیعەت وپەیمانمان پێدا بوو، ووتمان: بەیعەتمان پێ دایت ئەی پێغەمبەری خودا، پاشان فەرمووی: «ئایا بەیعەت بە پێغەمبەری خودا نادەن؟»، ووتمان: بەیعەتمان پێ دایت ئەی پێغەمبەری خودا، پاشان فەرمووی: «ئایا بەیعەت بە پێغەمبەری خودا نادەن؟»، دەڵێت: بۆیە دەستمان درێژ کرد، ووتمان: لەسەر چی بەیعەتت پێ بدەین؟ فەرمووی: «لەسەر ئەوەی کە اللە بپەرستن و بە هیچ شێوەیەك شەریك وهاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، وپێنج نوێژەکە (ئەنجام بدەن)، وگوێڕایەڵ بن، -چەند وشەیەکی بە دەنگێکی نزمەوە فەرموو- وداوای هیچ شتێک لە خەڵکی نەکەن»، گێڕەرەوەی فەرموودەکە دەڵێت: هەندێک لە ئەوانەم بینی کە قامچیەکەی دەستی دەکەوت (کاتێک لە سەر پشتی ئاژەڵەکەی بوو)، داوای لە کەس نەدەکرد کە قامچیەکەی پێبدات (واتە خۆی دادەبەزی وهەڵی دەگرتەوە).

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- لەنێو هەندێك لە هاوەڵانی بوو، سێ جار داوای لێیان کرد کە بەیعەت وپەیمانی پێبدەن لەسەر پابەند بوون بە ئەم شتانە: یەکەم: بەتەنها پەرستنی اللە ی تاك وبێ هاوتا وبێ هاوەڵ، ئەمیش بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ودوورکەوتنەوە لە نەهی لێکراوەکانی، وبە هیچ شێوەیەك هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن. دووەم: ئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەکان لە ڕۆژ وشەوێکدا. سێیەم: گوێڕایەڵ وفەرمانبەرداری لە چاکەدا بۆ ئەو کەسانەی دەبنە کاربەدەستی مسوڵمانان. چوارەم: داواکردنی هەموو پێویستیەکانیان لە خوای گەورە وداوا نەکردنی هیچ شتێك لە خەڵکی، وپێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- بەدەنگێکی نزم ئەمەی بۆیان باسکرد. هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- کردەوەیان کرد بەوەی بەیعەت وپەیمانیان لەسەر دابوو، تەنانەت گێڕەرەوەی فەرموودەکە دەڵێت: هەندێک لەو هاوەڵانەم بینی ؛ لەسەر پشتی ئاژەڵێك کاتێك قامچیەکەی دەستی بکەوتایە، داوای لە کەس نەدەکرد کە قامچیەکەی پێبدات بەڵکو خۆی دادەبەزی وهەڵی دەگرتەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4176